

# قوتابیانی تواناسازی له دواکەوتنی شایشته داراییەکانیان نیگەرانن

شەڕی داعش و داڵدەدانی نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارەی شەڕ و دابەزینی نرخی نەوت و بڕینی بودجە و مووچە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، هەرێمی کوردستانی تووشی قەیرانێکی گەورەی ئابووری کردووە، بەو هۆیەوە چەند مانگێک مووچەی فەرمانبەران لە ساڵی پار نەدرا، بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانی داراییش بڕیاردرا لە سەرەتای ئەمساڵەوە هەموو مانگێک مووچەی فەرمانبەران دابەشبکرێت، بەڵام بەڕێژەی ١٥تا٧٥٪ی مووچەکانیان پاشەکەوت بکرێت. ئەو قەیرانە تەنانەت لەسەر دابینکردنی بەرنامەی تواناسازی کاریگەری داناوە و ژمارەیەک لە قوتابیانی ناچار کردووە واز لە خوێندنەکەیان بهێنن. بەرنامەی تواناسازی یەکێکە لە بەرنامەکانی حکومەتی هەرێم بۆ ناردنە دەرەوەی قوتابیان بۆ دەرەوەی وڵات بەمەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرا، بەپێی بەرنامەکە دەبێت حکومەت ساڵانە ١٠٠ ملیۆن دۆلار لە بودجەی هەرێمی کوردستان تەرخان بکات بۆ پەرەپێدانی تواناسازیی مرۆیی لە بواری خوێندنی باڵا، کە لە ساڵی ٢٠١٢ تاوەکو ٢٠١٤ بە سێ وەجبە قوتابیان ناردرانە دەرەوە، بەڵام بەهۆی ئەو قەیرانە ئابوورییەوە، شایستە داراییەکانی قوتابیان نەتوانرا لە کات و ساتی دیاریکراو بدرێت. بەپێی ئامارەکان لەسەرەتای بەرنامەی تواناسازی زیاتر لە ٣٢٠٠ قوتابی ناویان دەرچوو بۆ خوێندنی ماستەر و دکتۆرا لە وڵاتانی دەرەوە، بەشێکی زۆریان خوێندنیان تەواوکرد و، هەندێک لە خوێندکارانیش لەو پڕۆسەیە کشانەوە، ئێستاش تەنیا ٥٣٠ قوتابی ماون خوێندن تەواو بکەن، دەرچووان و قوتابییانی تواناسازیش ڕەخنە لە حکومەت و خودی وەزارەتی خوێندنی باڵا دەگرن لە دواکەوتنی چەکی پارەکانیان، بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەش ڕاوسەرنجی خۆیان لەوبارەیەوە دەخەنەڕوو.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



لە سەرەتای ڕاپۆرتەکەدا نەوزاد خەسرەو قوتابی تواناسازی، ئاماژە بەوە دەکات کە ئەوان پێش ئەوەی سەفەر بکەن بۆ بەریتانیا لە وەزارەتی خوێندنی باڵا گرێبەستیان بەوجۆرە کردووە کە کاتێك گەڕانەوەو بڕوانامەی ماستەرمان هێنایەوە تەواوی پارەکەیان بۆ خەرج کرا بێت، گوتیشی: «بەداخەوە دوای ئەوەی خوێندنمان بە سەرکەوتوویی تەواو کرد و بڕوانامەکەمان هێنایەوە، لە ئێستادا نیوەی پارەکەمان وەرگرتووە، بە ناچاری لەسەر حیسابی خۆمان درێژەمان بە خوێندن دا، دەتوانم بڵێم ٩٥٪ی قوتابیان تووشی قەرزوقۆڵە بوون، بەشێکیش لە قوتابییەکان بەهۆی بێ پارەیی دوای تەواوبوونی کۆرسی زمان خوێندنیان بەجێهێشت، من چەندین نموونەی لەمجۆرەی هاوڕێیانم لایە، بەڵام بە خۆشحاڵییەوە ژمارەیەکی زۆریشمان توانیمان خوێندنەکە تەواو بکەین و بەسەر کۆسپەکاندا زاڵ بین و ببینە خاوەن بڕوانامە و وەك مامۆستایەکی زانکۆ خزمەتی گەل و نیشتمانی خۆمان بکەین، دەکرێ حکومەتیش خاوەن بەڵێنی خۆی بێت و مافە داراییەکانمان بۆ بگێڕێتەوە، ڕاستە بووینە خاوەن بڕوانامە، بەڵام ئەگەر بە باکگراواندەکەی دیکە سەیری حاڵی خۆمان بکەین، دەبینین هەموومان کۆڵەوارین و کەوتووینەتە ژێر قەرزێکی زۆر و تووشی جۆرەها کێشەی لابەلا بووین.»

نزار جەلال یەکێکە لەو سەدان قوتابییەی تواناسازی کە ماوەی ساڵێکە لە بەریتانیا خوێندنی ماستەری تەواوکردووە، ئەویش دەڵێت: «تا ئێستاش نیوەی پارەکەم لای حکومەت ماوە و بۆم خەرج نەکراوە، ناچار بۆ تەواوکردنی خوێندن لەپاڵ خوێندنەکە کارم دەکرد، ئۆتۆمبێلەکەم فرۆشت، جگە لەوەش قەرزی زۆرم کرد، زۆری نەمابوو لە بەریتانیا بە هۆی بێ پارەیی دەرمان بکەن، من ئێستا گەنجێکم کەتوومەتە ژێر قەرزێکی زۆر، پارەم نییە ئۆتۆمبێل بکڕمەوە، پارە نییە ژیانی داهاتووی خۆمی پێ دابین بکەم و هاوسەرگیری بکەم، لە کاتێکدا ئێمە دوو هەزار قوتابین کە پارەمان لای حکومەتە، ڕاستە پارە بۆ تواناسازی خەرج دەکرێت، بەڵام زۆر هێواشە، حکومەت مانگانە ڕێژەیەك لە قەرزەکە بۆ تەنیا ٥٠ قوتابی خەرج دەکات، ئەگەر ئاوا لەسەرخۆ قەرزەکانمان بدەنەوە، ڕەنگە بۆ ٢٠ مانگی دواتر ئینجا پارەکەمان بەر بکەوێ.»

لەلایەکی دیکەوە ئیبراهیم حاجی زەڵمی مامۆستای زانکۆ و هەڵگری بڕوانامەی ماستەر لە کۆمەڵناسی، باسی لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی بەرنامەی تواناسازی بۆ گوڵان دەکات و دەڵێت: «گومانی تێدا نییە کە ئەمڕۆ کۆمەڵگەی ئێمە زیاتر لەهەموو کاتێك پێویستی بە کەسانی شارەزاو پسپۆڕ و خاوەن بڕوانامەی باڵا و ئەکادیمی هەیە، چونکە ئەگەر جاران ئێمە پێویستمان بە وزەو تواناو هێزی مرۆیی هەبووبێت لەڕووی سەربازیی و چەك و چۆڵەوە بۆ بەرگری لەمانەوە و خۆڕاگری و بەرەنگاربوونەوەی دوژمنان، لەم سەردەمەدا مادەم هەنگاوێك چووینەتە پێشەوەو بە تەمای دروستکردنی دەوڵەتین، دەبێت سەرچاوەی وزەو تواناو هێزەکانی خۆمان تەنیا لەبواری چەك وجەنگ و بەرگری تەرخان نەکەین و بەڵکو پەرە بە شتی تریش بدەین.» گوتیشی: «ئەمڕۆ ڕاستە لەشەڕداین، بەڵام پێویستە ئەو ڕاستییە بزانین هێز بەسەر سێ پایەی سەرەکیدا دابەش بووە، یەکێکیان هێزی بەرگری و چەك و دەسەڵاتی سەربازییە، دووەمیان هێزی ئابووری و داراییە، سێیەمیان هێزو دەسەڵاتی

مەعریفییە. لێرەوە ئەمڕۆ لە هەر وەخت و کاتێکی دی پێویستە لاکردنەوەیەکی مێژووییمان هەبێت بۆ خۆمان و کوردەواری بەگشتی، تاوەکو بزانین کە لەمێژووی پڕخەباتی نەپساوەو بەردەوامی سیاسیی خۆماندا بۆچی هەردەم دووچاری دژواری بووین؟ بێگومان دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە ئێمە هەمیشە لەمێژووماندا پرەنسیپی هێزمان لەسەرووی عەقڵ و مەعریفە داناوە، بیرمان چووە کە هێزی عەقڵ و مەعریفە دەتوانێت ئەوی تریش پارسەنگ بکاتەوە، هەرچەندە ئێمە کەمتر بووین هەردەم لەوەشدا لەچواردەوری خۆمان .»

ئیبراهیم حاجی زەڵمی لە درێژەی ئاخافتنەکەیدا بۆ گوڵان دەڵێت: «مەخابن لەم سەردەمی جیهانگیری و پێشکەوتنەدا تەنیا هەرهێز پرەنسیپی یەکەم و کۆتاییەو بۆ نەگبەتی ئێمەش جەنگەکان و یەکلاکردنەوەی هەژموونی هێزو دەسەڵاتدارە جیهانییەکان دیسانەوە خڕبوونەتەوە سەرگیانی ئێمەو خاکی ئێمە، باشیشی لێدەزانن و ڕاست دەکەن کە تاکە هێزێکی سەرزەمین کە دەتوانێت لەگەڵ وەحشێکی نامۆی ئەم سەرزەمینە کە داعشە، ڕووبەڕوو ببێتەوە. ئەوە ئێمەی کوردین.» گوتیشی: «پێویستە دەسەڵاتدارەکانمان لە حزب و حکومەت بزانن کە هێز تەنیا لە سەرباز و چەك و کوشتن و تۆقاندندا کۆنەبووەتەوەو پارێزگاری لەدەسەڵات و ئەو خەونە مێژینەی کوردەواری کە بریتییە لەدروستکردنی دەوڵەت، بەو میکانیزمە دەستەبەر نابێت. بۆیە پێویستە ئاوڕی جددی لەو چەند خاڵە بدەنەوە:

١-ئاوڕێکی جددی لە بواری مەعریفە و زانست و فەلسەفەو عەقڵانییەت بدرێتەوە، چونکە تاکە دەسەڵاتە کە دەتوانێت لەم پەرشوبڵاویە نەجاتمان بدات، تاکە کەناڵە ڕێگەمان لێدەکاتەوە بۆ ئەوەی بتوانین چۆنیەتی دەستخستنی هێزو پاراستنی هێزو بەکارهێنانی بە شێوەیەکی سەردەمییانە تاوتوێ بکەین و لە خەمی ئامانجە مێژینەیی و پێداویستییە ئەمڕۆیی و خەمەکانی ئایندەی ئەم گەلە بەشمەینەتەدا بین.

٢- شوێنکەوتووان و کارمەندان و کارەکتەرە پسپۆڕییە جیاوازەکان لە خوێندنی باڵا، پەروەردەو گشت سەکتەرە جیاوازەکان، لایەکی جددییان لێبکرێتەوە، ئەوەندە بێ هێز نەکرێن و بێ متمانەو بێ پارەو بژێوی نەکرێن، یاری بەهەست و شعوریان نەکرێت و نەدرێنە پاڵ ئەم ڕەشەبای سیاسەتە .

٣- دوو تا سێ ساڵێك هەنگاوێکی باش دەنرا لەبواری پرۆسەی زانست وپاشخانی مەعریفەی ئەم کۆمەڵگەیە، نموونەیەکی دیار لەوەش پرۆژەی تواناسازی بوو کە خوێندکاران دەنێردرانە دەرەوە بۆ مەبەستی خوێندن و هێنانی بڕوانامەی باڵاو پڕچەککردنیان بەمەعریفەی تیۆری و پراکتیکی، بەڵام مەخابن بەناو و بیانووی جۆراوجۆرەوە ستەم لەوانە دەکراو پرۆسەکەیان تووشی پچڕپچڕ هات و زۆرینەیەك لەوانە تووشی چەندین دەردی سەری و نەهاتی و قەرزو قۆڵە بوونەوە .»

لەلای خۆیەوە د. نازەنین عوسمان لە کۆلێژی ڤێترینەری زانکۆی سلێمانی،بیرۆکەی ناردنی خوێندکارانی ماستەرو دکتۆرا بۆ دەرەوەی وڵات لە ڕێگای بەرنامەی تواناسازی بە هەلێکی زێڕین ناودەبات بۆ ڕۆڵەی بەرهەمداری هەرێم کە توانای مادییان کەم بوو و زۆربەیان نەیاندەتوانی خوێندنی باڵا لە دەرەوەی وڵات تەواو بکەن. گوتیشی: « لە ڕێگای ئەم بەرنامەیە، ڕێژەی مامۆستایانی خوێندنی باڵا لە هەموو بوارەکان و بەپێی پێداویستی زانکۆکان بەشێوەیەکی باش بەرز بۆوەو بەشێك لەو تواناسازانە گەڕاونەتەوەو دەست بەکار بوون، بەشێکی دیکەشیان تاکو ئێستا لە پرۆسەی خوێندن بەردەوامن. بەداخەوە لەگەڵ قەیرانی دارایی هەرێم قەیرانی دانی قیست و پێداویستی دارایی ئەو خوێندکارانە لە ٢٠١٤وە دەستی پێکرد، کە پێکدێت لە کرێی خوێندن و بژێوی ژیان و مووچەی هاوسەرەکانیان، وردە وردە ئەو قیستانە نەك هەر دواکەوت، بەڵکۆ وای لێهاتووە هەر نەدرێت، یان بە دڵۆپ پێیان بدرێت و ئەو دڵۆپەش هەندێ جار بە ناعادیلانە بەسەریاندا دابەش دەکرێت. ئەو خەرجییەی کە بۆ هەرخوێندکارێکی تواناسازی دانراوە زۆرە، بەتایبەتی پارەی کرێی خوێندن کە هەندێك لەو زانکۆیانەی ئەو خوێندکارانەی وەرگرتووە پارەی ساڵانەی نزیك ٤٠٠٠٠ دۆلارە جگە لە پێداویستی ژیان و نیشتەجێبون کە نزیکی ٣٠٠٠دۆلارە بۆ مانگێك. هەندێك لەو خوێندکارانە کەسوکاریان توانای یارمەتیدانیان هەیە، بەڵام ئەمانە ژمارەیان کەمە، چونکە ئەو قەیرانە داراییەی هەرێم کەسوکاری خوێندکارەکانیشی گرتۆتەوە. هەندێك لەو خوێندکارانە توانیویانە قەرز بکەن و هەندێکیان لەپاڵ خوێندنەکەیان کاردەکەن و هەندێکیان هەر وازیان هێناوە لەخوێندن و بە کۆڵێك قەرزبارییەوە گەڕاونەتەوە. نەدانی موستەحەقاتی دارایی بۆ کاندیدەکانی تواناسازی مخابن وای لەو بەنامە گرنگە کردووە کە بە بەرنامەیەکی شکستخواردوو لەقەڵەم بدرێت.»

سەبارەت بە هەمان پرس بەهزاد سەلیم مامۆستا لە زانکوی پولیتەکنیکی هەولێر، هێما بۆ ئەوە دەکات: «بەرنامەی تواناسازی کە شتێکی زۆر باش بوو، لە هەموو وڵاتانی دنیاش ئەم بەرنامەیە هەیە، بەڵام لە کوردستان زۆر بە سەقەتی جێبەجێ کرا، بۆ نموونە: هەر زانکۆیەك بۆ خۆی لیستی هاندانی هەبوو کە سەرۆك زانکۆکان بە ئارەزووی خۆیان هەرچی دۆست و ناسیاو خزمی خۆیان هەبوو، ناویان خستە ناو لیستەکەو بەرێ کران بێ ئەوەی کە شایەنی ئەو هەلە زێڕینە بن و زۆربەی ئەو کەسانەی کە وەرگیرابوون لە ڕووی توانستی زمانی ئینگلیزی زۆر لاواز بوون، بۆیە لەو ماوەیەی کە لە دەرەوە بوون هەر ئەوەندە پێڕاگەیشتن کە هەندێ فێری کەلتوور و زمانی ئینگلیزی بن، ئەویش نەك لە ئاستی پێویست و لایەنی زانستی هەر فەرامۆش کراوەو بە گوتەی زۆربەی کاندیدەکان لە ڕووی زانستییەوە شتێکی ئەوتۆیان وەرنەگرتووە، کە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ هەڵەی وەزارەت کە نەدەبا ئەوانەی ئاستی توانستی

**نەدانی موستەحەقاتی دارایی بۆ کاندیدەکانی تواناسازی مخابن وای لەو بەنامە گرنگە کردووە کە بە بەرنامەیەکی شکستخواردوو لەقەڵەم بدرێت**

**٩٥٪ی قوتابیان تووشی قەرزوقۆڵە بوون، بەشێکیش لە قوتابییەکان بەهۆی بێ پارەیی دوای تەواوبوونی کۆرسی زمان خوێندنیان بەجێهێشت**

**ژمارەیەکی زۆریشمان توانیمان خوێندنەکە تەواو بکەین و بەسەر کۆسپەکاندا زاڵ بین و ببینە خاوەن بڕوانامە و وەک مامۆستایەکی زانکۆ خزمەتی گەل و نیشتمانی خۆمان بکەین**



زمانیان نزمە، بنێردرێن، واتە لە بنەڕەتدا مەرجەکان مەرجی زانستی نەبوون و کۆمەڵێك ئاسانکاری کرا بۆ منداڵی شەهید و ئەنفال کە ئەویش دژی بنەما زانستییەکانە، لە بەر ئەوەی منداڵی شەهید، یان ئەنفال ئەگەر توانستی نەبوو، پێویست ناکات ئێمە ئاسانکارییان بۆ بکەین و وڵات بەرەو هەڵدێر ببەین، بۆ قەرەبووی قوربانیدانیان ڕێگای دیکە هەن، نەك لاواز کردنی ئاستی خوێندن. خاڵێکی نەرێنیتری ئەم بەرنامەیە ئەوە بوو کە قوتابی هەر وڵاتێك کە ویستبای دەیتوانی لەوێ بخوێنێ و زۆریان لە وڵاتە دواکەوتووەکانی وەکو ئێران و میسر و کۆمەڵێك وڵاتی عەرەبی لە بەرنامەی تواناسازی وەرگیران، کە بەرای من ئەمە زەرەرێکی گەورەو تەنیا بە هەدەردانی پارە بوو. حکومەت دەیتوانی ڕێژەیەکی کەمتر قوتابی بنێرێت، بە بودجەیەکی کەم و بەرنامەیەکی بەردەوام و ناردنی تەنیا بۆ چەند وڵاتێکی دیاریکراوی پێشکەوتوو وەکو ئەمریکا و چەند وڵاتێکی گرنگی ئەوروپا کە هێشتا خوێندن تیایدا بەهای خۆی لە دەست نەداوە، بۆ بیانیەکانیش.» گوتیشی: «بە رای من بۆ چارەسەرکردنی کێشەی دارایی قوتابیانی تواناسازی پێویستە وەزارەت چیدی قوتابی بۆ ئەم مەبەستە ڕەوانەی دەرەوە نەکات و ئەو بودجەیەی کە هەیەتی تەرخان بکات بۆ ئەوانەی کە ئێستا لە پرۆسەکەدان تاکو خوێندنیان تەواو دەبێت و دوای دەرچوون لە قەیرانی دارایی پلانێکی بەهێزی هەبێت بۆ ئەم مەبەستە، نەك بە لێشاو و بە بێ پلان خەڵك ڕەوانەی دەرەوە بکات. گرنگترین خاڵ کە دەمەوێ باسی بکەم لەسەر کێشەی دارایی قوتابیان و حکومەت ئەوەیە کە حکومەت دەبێ بۆ پلانی داهاتووی یاسایەك دابنێ کە تەنیا نیوەی شایستەی دارایی، یان ئەوەی کە پێویستییانە بۆ تەواوکردنی خوێندن سەرف بکات و نیوەکەی دیکەی لەسەر خودی قوتابی بێت، گرنگیی ئەم کارە لەوەدایە کە قورسایی سەر شانی حکومەت کەم دەکاتەوە و هەر قوتابییەکیش کە خولیای خوێندن و زانست نەبێ، ئامادە نابێت بەشدار بێت لەو بەرنامەیە .»

لە راگەیاندراوێکدا وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی ڕۆژی دووشەممە **٢٦-٩-٢٠١٦** رایگەیاند، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بڕیاریداوە لەمەودا مانگانە بڕی نیو ملیۆن دۆلار بۆ شایستە داراییەکانی قوتابیانی تواناسازی خەرج بکرێت. لە راگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەش کراوە کە لە چوارچێوەی هەوڵە بەردەوامەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بەهاوکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ڕەزامەندی نیشانداوە لەسەر دابینکردنی شایستە داراییەکانی خوێندکارانی بەرنامەی تواناسازی. لە راگەیەنراوەکەدا هاتووە: «بەپێی دوایین بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، بۆ لەمەودا، مانگانە بڕی نیو ملیۆن دۆلار بۆ شایستە داراییەکانی خوێندکارانی تواناسازی خەرج دەکرێت.»

لەم سۆنگەیەوە وەزارەتی خوێندنی باڵا بەرنامەی تواناسازی ئاگاداردەکاتەوە، هەر کاتێك ئەو بڕە پارەیە خرایە سەر حیساب، ڕاستەوخۆ لیستی نوێی ئەو خوێندکارانە بڵاودەکرێتەوە، کە بەپێی ریزبەندی شایستەترن بۆ ئەوەی پارەیان بۆ خەرج بکرێ.

# ئازادی لە نێوان خواستی ئافرەت و نەریتی کۆمەڵگە

چەمکی ئازادی وەک مافی تاکەکەس لە سەرلەبەری وڵاتانی ئەم جیهانەدا پێناسەی تایبەت بە خۆی وەرگرتووە. هەر وڵاتێک بەپێی یاسا و دەستووری خۆی چوارچێوەیەکی بۆ دیاری کردووە، لە زۆر وڵاتی دواکەوتووشدا، ئەو چوارچێوەیە نەک هەر تەسک کراوەتەوە، بگرە بە هیچ شێوەیەک بە ئافرەتیان ڕەوا نەبینیوە. واتە لە زۆربەی کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکان بە هۆی نەریت و کەلتووری خۆیانەوە ئازادییان چەواشە کردووە و ئافرەتیان لەو مافەی بێبەش کردووە. بەڵام ئافرەتانی چالاک دەسەوەستان نەبوون و بە کار و چالاکیی جۆراوجۆر و بەردەوام هەوڵی دەستەبەرکردنی ئەو مافە زەوت کراوەیان داوە. توێژەرانی کۆمەڵاتیش جەخت لەوە دەکەنەوە لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا کەسایەتی ئافرەت ڕۆڵی سەرەکی لە دەستەبەرکردنی ئازادییەکانیدا هەیە.



گوڵان: کۆمەڵایەتی

سارا عەزیز تەمەنی ٢٢ساڵەو خوێندەڤانی زانکۆیە. ئەو وەك کچێك ئەگەرچی بە پێویستی دەزانێ ئافرەت لە هەموو روویەکەوە ئازادیی هەبێت، بەڵام هاوکات دەڵێت: «ئافرەت ئەگەر زۆر ئازاد بێت، بەڵام وریا و عاقڵ نەبێت، تووشی شتی خراپ دەبێت، بۆیە کاتێك دایك و باوك ئازادیی زۆریان بە کچی خۆیان دا، نابێت بەشێوەی نارێك و نارەوا ئەو ئازادییە بەکار بێنێ، چونکە ئافرەت وەك پیاو نییە و زۆر زووتر تووشی عەیبە دەبێت.» هۆکاری ئەو بۆچوونەشی بۆ روانگەی کۆمەڵگە دەگەڕێنێتەوە و پێیوایە «کۆمەڵگە ئەگەر جارێك چاودێری پیاو بکات، دە جار چاودێری ئافرەت دەکات.»

عوسمان ئەمین پیاوێکی تەمەن ٣٥ ساڵە و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «ئافرەت ئەگەر ئازادیی تەواوی پێدرا، لە دەست دەردەچێت، زۆرجار بەهۆی خراپ گەیشتن لە ئازادی، ئافرەت تووشی خراپە بووە، بۆیە دەبێت یەکەمجار فێر بکرێن کە ئازادی چییە»، جەختیش لەوە دەکاتەوە کە بەشێك لەو ئافرەتانەی کە ئازادییان پێدراوە، نەیانتوانیوە ئەو ئازادییە بە دروستی بەکار بێنن، کەچی لەگەڵ ئەو قسانەش، نکۆڵی لەوە ناکات کە «زۆرێك لە ئافرەتان سەرباری ئەوەی ئازادییەکی رەهایان پێدراوە، بەڵام ئەو متمانەیان نەدۆڕاندووە، گوتیشی: «پێدانی ئازادی بەگشتی بۆ ئافرەت دەبێت بە گوێرەی کەسایەتی ئافرەتەکە بێت، بۆیە خۆی دەتوانێت مەودای ئازادییەکەی خۆی دیاری بکات».

زارا مستەفا تەمەنی ١٨ ساڵە و وەك گەنجێك رایوایە: «ئەم سەردەمە وەك جاران نییەو دەبێت ئازادیی زیاتر بە ئافرەت بدرێت، لەبەرئەوەی سەردەمەکە گۆڕاوە و دابونەریتەکان بەرەو کاڵبونەوە دەچن، لەگەڵ ئەوەشدا راستە ئازادیی ئافرەت لە جاران زیاترە، بەڵام دووئەوەندەی جاران پێویستە ئاگاداری ئافرەت بیت، ئەویش بەهۆی پێشکەوتنی سەردەم و تەکنەلۆژیای نوێ»، بە قسەی ئەو «پێشکەوتن و تەکنۆلۆژیانی نوێ ئافرەتی تووشی کێشەو گرفت کردووە، بۆیە لەگەڵ ئازادی، دەبێت باش و خراپیش دەستنیشان بکرێت.»



زۆزك تاهیر توێژەری کۆمەڵایەتییە و سەرەتا ئاماژە بەو گوتەیە دەدات کە بیرمەندێك وتوویەتی مرۆڤەکان بە ئازادی لە دایك دەبن، بەڵام ئەوە کۆمەڵگەیە بە پێی نەریت و یاساو رێساکانی سنوور و چوارچێوە بۆ ئازادیی مرۆڤەکان دادەنێت، ئەویش بە پاساوی پارێزگاریکردن و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی نێوان مرۆڤەکان، بە قسەی ئەو توێژەرە هەر کۆمەڵگایەو سروشت و تایبەتمەندی خۆی لە بەخشینی ئازادی بە ئافرەت هەیە، ئەمەش دەوەستێتە سەر قۆناغەکانی گەشەی مێژوویی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی کە تا چەند بوارو زەمینە دەڕەخسێنێت بۆ ئەوەی ئافرەت لە کایە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا دەربکەوێت، گوتیشی: «بێگومان لە هەر کۆمەڵگەیەکدا کەسایەتی ئافرەت رۆڵی سەرەکیی لە دەستەبەرکردنی ئازادییەکانیدا هەیە»، سەبارەت بەوەش کە کۆمەڵگەی کوردی تا چەند بواری ئازادی بۆ ئافرەتان رەخساندووە، گوتی: «دیارە بەراوردکردنی قۆناغی ئێستای ئافرەتان بە رابردوو ئەوا هەنگاو و پێشوەچوونی باشی بە خۆوە بینوە»، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە لە زۆربەی دامەزراوەو و ناوەندەکاندا ئافرەتان بەشدارن و هاوشانی پیاوان رۆڵی کاریگەریان هەیە، تارادەیەکی باشیش خاوەن بڕیارو ئیرادەی خۆیانن، بەڵام ئەو توێژەرە لەگەڵ ئەو بەرەوپێشچوونەش نکۆڵی لەوە ناکات کە رەوشی ژیانی ئافرەتانی کوردستان بێ کێشەو گرفت نییە، بە جۆرێك هەندێك نەریت و نۆرمی کۆمەڵایەتی هەن کە ئازادیی زیاتر تەنیا بۆ پیاو بە رەوا دەزانێت و تیایدا ئازادی ئافرەت سنووردار دەکات، گوتیشی: «بەتایبەت لەو خێزانانەی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵایەتی، رۆشنبیری و پەروەردەییان نزمە ئافرەت وەکو مرۆڤی پلەدوو سەیر دەکرێت و هیچ ئازادییەکی پێ رەوا نابینن.» بۆیە ئەمانە هەمووی بە هۆکار دەزانێت کە وادەکات ئافرەتان نەتوانن داوای ماف و ئازادییەکانی خۆیان بکەن، لەبارەی ئەوەش کە چۆن دەتوانرێت، گۆڕانکاری لەو روانگە بەدبینییەدا بکرێ. ئەو توێژەرە دەڵێت: «پێویستیمان زیاتر بە گەشەی کۆمەڵایەتی، ئابووری و پەروەردەییە بەتایبەت لەو شوێنانەی چالاکیی کۆمەڵایەتی، رۆشنبیری، هونەری و کەلتووری کەمتر تێیدا ئەنجامدەدرێت. لە ئاستی دامەزراوەو ناوەندە کۆمەڵایەتییەکانی حکوومی و ناحکوومی و میدیاکانیش دەبێت کاری جددیتر لە سەر مافەکانی ئافرەت و ئازادییەکانی بکرێت.»

**دامەزراوەو ناوەندە کۆمەڵایەتییەکانی حکوومی و ناحکوومی و میدیاکان دەبێت کاری جددیتر لەسەر مافەکانی ئافرەت و ئازادییەکانی بکەن**

**لەهەر کۆمەڵگەیەکدا کەسایەتی ئافرەت رۆڵی سەرەکیی لە دەستەبەرکردنی ئازادییەکانیدا هەیە**

**مرۆڤەکان بە ئازادی لە دایک دەبن، بەڵام ئەوە کۆمەڵگەیە بەپێی نەریت و یاساو رێساکانی سنوورو چوارچێوە بۆ ئازادیی مرۆڤەکان دادەنێت**

**دەبێت ئازادیی زیاتر بە ئافرەت بدرێت، لەبەرئەوەی سەردەمەکە گۆڕاوە و دابونەریتەکان بەرەو کاڵبوونەوە دەچن**